گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue S.Con 2024
ID No. 3150 (PP 89-100)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.8

توێژینەوە

# ئیدیۆم لە کتێبی داغستانی من، لە وەرگێڕانی عەزیز گەردی

**علی مصطفی نجم الدین** /بەشی زمانی کوردی, کۆلیژی پەروەردە/ شەقلاوە,زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر,هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

**فەرمان محسین عبدالله:** وەزارەتی پەروەردە

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مەغزای ئیدیۆم لە کتێبی داغستانی من، لە وەرگێڕانی عەزیز گەردی)، پرۆژەیەکی زانستییە، پشتی بەستووە بە میتۆدی ڕەخنەی شیکاری، تیایدا باس لەلایەنی تیۆری ئیدیۆم کراوە، کە تیایدا باس لە چەمک و زاراوەی ئیدیۆم و ئیدیۆم لەنێوان زمان و پەخشان و ئیدیۆم و کولتوور و بەکارهێنان و سوودی ئیدیۆم کراوە، کە تیایدا بەنموونەی ئیدیۆمی نێو کتێبەکە پشتڕاستکراونەتەوە، هەروەها لە تەوەری پراکتیکییدا، باسی مەغزای ئیدیۆم کراوە لە کتێبی داغستانی مندا، کە خۆی لە چەند تەوەرێک دەبینێتەوە، هەموو ئەم تەوەرانەش بە نموونەی زیندووی نێو کتێبی یەکەم و دووەمی کتێبی (داغستانی من) دەوڵەمند کراون و خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

ئەم توێژینەوەیە باس لە پڕ سەیەکی کولتووری دەکات و ئیدیۆم تیایدا هاوبەشی و ڕەنگی زیندوو دەبەخشێتەوە بە کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان، هەروەها لەڕێگەی ئیدیۆمەکان دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە مایەی شانازی و شکۆمەندییە، ئەویش بە زیندوو هێشتنەوەی داب و نەریتی کۆمەڵگایە، کە لە ڕێگەی ئیدیۆمەکانەوە دەدرەوشێنەوە.

CORRESPONDENCE
علی مصطفی نجم الدین
ali.nejmaddin@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

وشە سەرەکییەکان:
چەمک،
زاراوە،
ئیدیۆم،
زمان،
پەخشان،
کۆمەڵگا.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

ئیدیۆم ژانرێكی ئەدەبی فۆلكلۆرییە، لەڕووی شێوە و داڕشتنیەوە لە زمانی كوردیدا، بنیات و پێكهاتەی جیاوازی هەیە، تا ئێستاش مشتومڕی زانستی لەبارەی زمانەوانی و ئەدەبی ئەم ژانرە فۆلكلۆرییە هەیە و بەردەوامە.

ئیدیۆم ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە خستنەڕووی ئاستی هۆشیاری و نیشاندانی ڕۆشنبیری كۆمەڵگاكان، چونكە ئیدیۆم هەڵقوڵاوی زادەی بیری كەسانی نێو كۆمەڵگان و بە ئەدەبی كۆمەڵگایی ناسراوە و گرنگی داوە بە پەروەردە و پێگەیاندنی تاكی كۆمەڵگاكان.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەكی قووڵتر كار لەسەر ژانری ئیدیۆم بكرێت، وەک لەوەی لەبەرایی كاری لەسەر كراوە، واتە قسەكردنێكە لەسەر ئیدیۆم لەنێوان زمان و پەخشاندا، گەیشتووینەتە ئەوەی كە ئیدیۆم دەقێكی پەخشانییە و بنیات و پێكهاتەیەكی سنتاكسی هەیە و كار لەسەر واتای دووەمی ئیدیۆم دەكات، كە واتا پەنهانەكەی مەبەستە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە:**

ناونیشانی (مەغزای ئیدیۆم لە كتێبی داغستانی من، لە وەرگێڕانی عەزیز گەردی)، هۆكارێكە بۆ گەیشتن بە مەغزای ئەو ئیدیۆمانەی لە خاكی داغستان، كە كوردەكان لێی دەژین و كولتوورێكە دەگاتەوە بە كولتووری كوردی بەشەكانی دیكەی كوردستان، دروستبوونی ئاشنایەتییەكی بەهێزە لە جادووی ئەم ئیدیۆمانەدا، چونكە لە سۆنگەی واتا شاراوەكانی ئیدیۆمەكان هەست بە دەوڵەمەندییەكی گەورەی كولتووری هاوبەش دەكرێت.

**مێتۆدی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە وەک پرۆسەیەكی ئەكادیمی و بەدواداچوون بۆ لایەنی تەكنیكی و ڕەهەندی فیكری، پشتمان بەستووە بە ڕەخنەی شیكاری، چونكە ئەم مێتۆدە یارمەتیدەرمان دەبێت لە خستنەڕوو و خوێندنەوەیەكی شیكارییانەی لایەنی تەكنیكی دەق و جەوهەری ژینگە مەعریفییەكان.

**سنووری توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا كار لەسەر چەند نموونەیەكی گشتگیری ئیدیۆم كراوە لەسەر هەردوو كتێبی (داغستانی من)،

**گرفتی توێژینەوەكە:**

پێمان باشە لەباتی وشەی گرفت، وشەی پرسیار بەكار بهێنین، چونكە هەر توێژینەوەیەک هەوڵێكە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک، كە پێویستە توێژەر بە دوای وەڵامدانەوەیدا بگەڕێ. پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە: ئیدیۆم توانیویەتی سوود بە ڕەوتی كۆمەڵایەتی و مەعریفی كۆمەڵگاكە ببەخشێت، ئایا ئیدیۆم سنووری ناوچەیی و جوگرافی خۆی تێپەڕاندووە و كاریگەری ئەدەبی بەسەر كۆمەڵگادا دەركەوتووە، ئەمە و چەندین پرسیاری تر كە دەتوانرێت لەنێو توێژینەوەكە دەستیان بخەین.

**پلانی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەری سەركی پێكهاتووە، لە تەوەری یەكەمدا: باس لە لایەنی تیۆری ئیدیۆم كراوە، كە خۆی لە خاڵەكانی وەک چەمک و زاراوەی ئیدیۆم، ئیدیۆم لەنێوان زمان و پەخشاندا، ئیدیۆم و كولتوور، گرنگی و بەكارهێنانی ئیدیۆم، دەبینێتەوە، لەتەوەری دووەمدا: كە تەوەرێكی پراكتیكییە، باس لە مەغزای ئیدیۆم لە هەردوو كتێبی داغستانی من كراوە، ئەمیش خۆی لەچەند خاڵێک دەبینێتەوە، كە بە شێوەیەكی پراكتیكی و پشت بەستن بە نموونەكانی نێو هەردوو كتێبی (داغستانی من ئەنجامدراوە.

لە كۆتایی توێژینەوەكەدا جگە لە خستنەڕووی سەرچاوەكان، چەند ئەنجامێكمان بەدەستهێناوە و خستوومانەتەڕوو، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەكە بە هەرسێ زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## ١- لایەنی تیۆری ئیدیۆم

### ١-١ زاراوە و چەمكی ئیدیۆم:

ئیدیۆم زاراوەیەكی زمانییە و هەڵگری مەغزایەكی فراوانی مانایە و بە پەنهانی لەنێو دەقێكی كورت، یان نیمچەكورت دەردەكەوێت، ئەمەش وای كردووە، كە لێكدانەوەی قووڵی بۆ بكرێت و ڕەهەندێكی ئەدەبی و مەعریفی نادیاری هەبێت. دەتوانین بڵێین ئیدیۆم جۆرە پەخشانێكی كورتە، مانایەكی میتافیزیكی گەورەكە، لەڕووی فۆرمیشەوە جۆری جیاوازییان هەیە، هەیە لە ڕستەیەكی دوو وشەیی پێكدێت، هەشیانە خۆی لە ڕستەیەكی فراوانتر دەبینێتەوە،«پێكهاتێكی تایبەتی و ئاڵۆزە، كە لە یەكگرتنی هەندێک وشە واتایەكی تایبەتی پەیدا دەبێت» (حاجی مارف،١٩٧٩، ٣١) لە لێكدانەوەی واتادا، مەغزایەكی فراوان و مەبەستێكی

گونجاو بەدەستەوە دەدات، کە زۆرجار واتا میتافیزیکییەکەی جیاوازە لەگەڵ واتای ئاشکرا و وشەییەکانی، واتە ئەو دەربڕینە بە «ئیدیۆمێک، خوازەیەک، لێکچواندنێک دەری دەبڕی تا قسەکەت بەهێزتر و خۆشتر و کاریگەرتر بێت، جوانتر و چاکتر سەرنج ڕابکێشێت و بچێتە دڵەوە و خۆشی بە دڵ و دەروون بدات» (عەلی، ١٨٩٢، ١٩)، کەواتە ئیدیۆم ئەگەرچی لە خانەی بەرهەمی فۆلکلۆری دایە، بەڵام بەهۆی هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە دەردەبڕدرێت، بوونی هونەرەکانی ڕوونبێژیش لە هەر دەقێکدا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر هەستی خوێنەر، یان بیسەر، چونکە لەم بارەدا خوێنەر، یان بیسەر ناچاری بیرکردنەوە و لێکدانەوە دەکات، تا بتوانێت واتای دووەمی ئیدیۆمەکە، یان دەربڕینەکە بەدەست بێنێت. کەواتە ئیدیۆم دەستەواژەیەکە کاتێک بە گشتی وەربگیرێت، مانایەکی هەیە، کە ناتوانێت لە مانای تاکەکەسی، وشە دەربهێنیت، لە بنەڕەتدا هاوتای زارەکییە، بۆ ئەوەی بە دوای واتایەکی دروست و مەبەستدا بگەڕێی، یان بەدەستی بهێنیت.

زۆربەی ئەو توێژینەوە و نووسینانەی لەبارەی ئیدیۆمەوە ئەنجامدراون کاری گەورەن و پاشخانێکی گرنگی زمان و ئەدەبی کوردین، بەڵام زۆربەیان لە وردکردنەوە و دیاریکردنی سنووری پێکهاتەی ئیدیۆمدا، کە وەک پێکهاتەیەکی زمانی قسەی لێوە دەکەن، پێیان وایە ئیدیۆم تەنها لە وشەیەک یان دوو وشە تێپەڕ ناکات، یاخود لە سنووری ڕستەیەکی زۆر کورتدا دەمێنێتەوە، بەڵام دەکرێ ئەم بۆچوونە سنووردارە لێکبکێشینەوە و پێکهاتەی ئیدیۆم لە ڕستەیەکی درێژیشدا بەدی بکرێت، یاخود لە پێکهاتەیەکی تری وەک ئەم فۆرمەی خوارەوە دیاری بکرێت:

**هەڵۆ! تۆ لە کوێ لە دایک بووی؟**

**لە گەڵیەکی تەنگ.**

**هەڵۆ! تۆ بەرەو کوێ دەفڕی؟**

**بەرەو ئاسمانی بەرین.** (هەمزەتۆڤ، کتێبی یەکەم، ١٩٧٩، ٢٤)

هەڵۆ ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کە دوور دەڕوانێت و خەون و ئامانجی گەورەی هەیە، هەردوو فرێزی (گەڵیەکی تەنگ، ئاسمانی بەرین)، ئاماژەن بۆ تایبەتمەندی و کەسایەتی گەورە، بوونی خەونی گەورە و گەیشتن بە ئامانج و پانتایی فراوانی مەبەست.

لەکاتێکدا ئەم دەربڕینە لەشێوەی گفتوگۆ دایە و وشەکانی سادە و ساکارن، لەشێوەی وشەکاندا واتاکە ئاشکرا و ڕوونە، بەڵام بۆ واتای مەبەست، دەبێ خوێنەر، یان گوێگر بەدوای واتای دووەمی پرسیار و وەڵامەکاندا بگەڕێت، کەواتە ئێمە لەوە تێدەگەین کۆمەڵێک چەمک و تێگەیشتن، کە کراون بە تیۆریە و مێتۆد بۆ هەر بابەتێک، سەنگی دواجار و بزمار کوتین نییە بۆ ئەوەی نەتواندرێت سنووری فراوانتری دیاری بکرێت. کەواتە ئیدیۆم بریتییە لە «وشەیەک یان چەند وشەیەک، یان ڕستەیەک، کە دوو مانا دەبەخشێت» (شەریف، ٢٠٠٥، ٥)، توێژەر و ڕەخنەگران جگە لەگەڕان بە دوای واتای مەبەستی ئیدیۆم، پێویستە بەدوای فۆرمە بزرەکانی ئیدیۆمیشدا بگەڕێن، بۆ ئەوەی لەو خولگە بۆکێشراوە دەربازمان ببێت و بڵێین: ئیدیۆم نەک تەنها لە وشەیەک و دووانداخۆی دەنوێنێت، بەڵکو فراوانتر دەردەبڕدرێت و وشەکانیشی سادەن، بەڵام هەموو ئیدیۆمەکان واتای دووەمیان پڕە لە حیکمەت و پەند. لە شوێنێکی تری کتێبەکەدا هاتووە:

**ئەو چەکەی پیاو یەکجار لە ژیانیدا پێویستی پێ دەبێ، پێویستە بە درێژایی تەمەنی پەیدای کردبێ.** (هەمزەتۆڤ، کتێبی یەکەم، ١٩٧٩، ١٣)

واتای دووەمی ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستی بەهەر شتێک بێت، پێویستە زووتر پێداویستی و کەرەستەکانی ئامادە کردبێت، خۆی تەیار کردبێت بۆ هەر پرۆژەیەک و بەرنامەیەکی کە هەیەتی، نووسەر ئەمەی لە کاتێکدا بەکار هێناوە، کە خۆی بۆ پرۆژەیەکی نووسین و تۆمارێکی گەورە ئامادە دەکات، دەیەوێت دەست بۆ تەواوی کەلەبەر و جومگەکان بنات، کە ئەو نیازییەتی.

ئەم ئیدیۆمە لە فۆرمدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ فۆرمی ئەو ئیدیۆمانەی کە لە وشەیەک یان دوو وشە پێک دێن، ئەمەیان ڕستەیەکی درێژە و لە شێوەی پەخشان داڕێژراوە، لە واتایەکی سادە و واتایەکی پەنهان پێک دێت، واتا سادەکە لەگەڵ وشە سادەکان لەیەکتر نزیکن، واتا پەنهانەکە، بۆ خوێنەر یان بیسەر جێدەهێڵرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت واتای ئیدیۆمەکە لەگەڵ سیاقی دۆخەکە هەڵوێژێت.

فرێزی گیراو کە پێی دەوگترێت «ئیدیۆم، فرێزیۆلۆژی، کاتێ لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێ، ئەوا بەو جۆرە فرێزانە دەڵێن ئیدیۆم» (حاجی مارف، ١٩٨٠، ٣)، هەڵبەتە فرێز ماوەی سنووری خۆی هەیە، دەتوانرێت لە کۆمەڵێک وشەدا فرێزی

جیاوازتر بنیات بندرێت، کە پێیان دەڵێن ئیدیۆم، دیارە جگە لەم فۆرمە باسی لە دانەی زمانیش کراوە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزیشی هەیە و پێی دەڵێن ئیدیۆم، کەواتە ئێمە لەوە تێگەیشتین ئیدیۆم لە قووڵایی واتادا مامەڵەی پێوە دەکرێت و ڕۆڵە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە لەنێو ئەو دەقە پەخشانییەدا، ئەگەر دەقێکی کورتە یان درێژ، واتا پەنهانەکەی بدۆزینەوە.

ئیدیۆم «دەستە وشەیەکی جودا جودا و تێکەڵ و سەربەخۆی زمانە، پێکەوە واتایەکی تایبەتی و تازە و جوان و سفت و تیژ دروست دەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەیەکی بەهێز دەهێننە کایەوە و دەیانخەنە سەر بارێکی پەسند و چەسپاو» (فەخری، ١٩٧٦، ٧١)

### ٢-١ ئیدیۆم لەنێوان زمان و پەخشاندا:

ئیدیۆم وەک پێکهاتەیەکی ئەدەبی و فیکری لەنێوان دوو ڕسکاوی زەینیدا، کە کەرەستەی ژیاری و بنەمای کۆمەڵگەیین، ناکەوێتە بەر تەوژمی دژەبەرەکانی زانستییەوە، چونکە ئیدیۆم بنیاتێکی دارێژراوی هەیە و خۆی لە سیستەمی سنتاکسی و پراگماتیکی کەرستەکانی ناویدا دەبینێتەوە، کەواتە ئیدیۆم چ وەک زاراوە، یان وەک بابەتێکی ژیاری و مەعریفی لە ڕێگەی واتا پراگماتیکییەکانییەوە هاوبەشییەک دروست دەکات لەنێوان کەرستە زمانی و دەلالییە جیاوازەکاندا. کەواتە ئیدیۆم «ئەو دەربڕینانەن کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بەڵام لە ژێرەوە زردانەی واتاسازین، لەسەری ڕێککەوتوون و خۆیان لە زماندا جەسپاندووە» (عەلی، ١٩٩٨، ٣٨)، ئەو هاوبەشییەی دەکەوێتە سیاقی ڕستە و دەلالەت، ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی ئیدیۆم پێکهاتەیەکی پەخشانی هەیە و کار لەسەر پرۆسەی بەرهەم هێنانی واتا دەکات، واتە دەلالەتکردنی واتا خوێنەر یان بیسەر دەیخاتە نێو لێکدانەوەکانەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی زانستی و شیکاریی دەقێکی پەخشانی و پراگماتیکییە.

ئیدیۆم «دانەیەکی زمانییە، واتایەکی تایبەتی هەیە، واتاکەی لە کۆی گشتی واتای دانە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەست ناهێندرێت، بەڵکو واتای دیاریکراو و تایبەت بەخۆی هەیە» (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ١٧)، لە سۆنگەی ئەم پێناسانەدا دەردەکەویت، کارکردن و باسکردنی ئیدیۆم تەنها وابەستە ناکرێت بە لایەنێکی وەک بابەت و کەرستە زمانییەکان، یان ئەدەبی و دۆزینەوە دەلالەتە ڕوونبێژییەکانی وەک خوازە و کینایە و...، بەڵکو باسکردنی هەردوو لایەنی زمانی و ئەدەبی لە چەمک و زاراوە و پێکهاتە هونەرییەکانی ئیدیۆم، بەرهەمی جوانتر و دروستتر بەدەست دەهێندرێت. کەواتە ئیدیۆم بەرهەمی بیر و کەرستە زمانییەکانی نەتەوەکە خۆیەتی، لێرەدا مەبەستی بیر دەگەڕێتەوە بۆ واتا هۆشەکی و میتافیزیکییەکانی دەقی ئیدیۆم، کە خۆی لە بابەتی ڕوونبێژیدا دەبینێتەوە.

ئیدیۆم مەغزایەکی قووڵی هەیە، بۆ دەستخستنی واتا و مەبەستی ئیدیۆم، دەبێت بەدوای دەلالەتدا بگەڕێین، بۆ ئەوەی واتای مەبەست، کە واتای دووەم و پەنهانی ئیدیۆمەکەیە بەچنگبینین، چونکە «چەمکی ئیدیۆم و واتا و ڕەهەندەکانی بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن» (کەریم. عەزیز. ٢٠٢٠. ٩)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هۆشیاری و ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر، یان بیسەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دۆزینەوە و هەست پێ کردنی بە واتای دووەم، چونکە ئەو واتایانەی لە ئیدیۆم هەست پێ دەکرێن، واتای ئاسایی نین و پێویستە پارێزگارییان لێ بکرێت، بۆ ئەمەش یادگەی مرۆڤ باشترین شوێنە تا بتوانێت ئەو واتایانەی تێدا هەڵبگیرێت، کەواتە هۆشیاری و ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر و بیسەر ڕۆڵی گرنگی هەیە لە هەڵدانەوە و گەڕان بەدوای واتا میتافیزیکییەکانی ئیدیۆمدا.

ئیدیۆم پەیوەندییەکی گرنگی کولتووری هەیە، واتە بۆ بڕیاری واتای کاریگەر و دووەمی ئیدیۆمی، پێویستە ڕەهەندی کولتووری لەبەرچاو بگیرێت، کەواتە «واتای ئیدیۆم بە زانینی واتای کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە بەرجەستە نابێت، چونکە ئیدیۆمەکان لە چوارچێوەی زماندا واتای جێگیر و تایبەت بەخۆیان هەیە، واتای ئیدیۆم لە فەرهەنگ و دانە زمانییە پێکهێنەرەکانییەوە بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو واتاکەی لە کولتوور و دەوروبەری فەرهەنگییەوە ڕوون دەبێتەوە» (حوسێن. ٢٠٠٩، ٤٩)، کەواتە ئیدیۆم پێکهاتەیەکی ئەدەبی شێوە پەخشان دارێژراوە، لە چوارچێوەی بنەما سینتاکسییەکان، ئامانج خستنەڕووی دیوی دووەمی واتایە، کە پەنهان و خوێنەر یان بیسەری ڕۆشنبیر درک بە تێگەیشتن و مەبەستەکەی دەکات. وەک لەم نموونەیدا بۆمان دەردەکەوێت:

**یاخوا سواری بێ ئەسپ ژنی لێ بتۆرێ.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٧٠)

ئەمە جۆرە ئیدیۆمێکە لە شێوەی دوعایە، ئەگەر تەماشای کەرتی زمانی و واتاکەی بکەین، هیچ ئامانجێکی ئیدیۆمی نادات و وشەکانیش زۆر سادەن، تەنانەت ئەگەر لە دونیای واقیعیشدا تەماشا بکەین، ڕووینەداوە ئەگەر پیاو ئەسپی سواری نەبێت، ژنەکەی لێی تورە و سڵ بێت. واتای دووەمی ئەم ئیدیۆمە گوزارشتە لە بوونی فۆرمێکی گونجاو و جوان، جا لەهەر شتێکدا هەبێت، واتە فۆرمی پیاوێکی سوارچاک، هەبوونی ئەسپێکی باش و ڕاهێنراوە، هەموو شتێکیش شێوە و فۆرمێکی باش و ئامادەکراوی نەبێت، جێگای ڕەزامەندی نابێت.

### ٣-١ ئیدیۆم و کولتوور:

ئیدیۆمەکان ڕەنگدانەوەی ژینگە و ژیان و مێژوو و کولتووری زمانە ڕەسەنەکانن و پەیوەندییەکی نزیکیان بە ڕۆح و هەستی ناوەوەی کۆمەڵگاکەوە هەیە. زمان بەشێکی ناوەکییە لە پەیوەندی نێوان ئیدیۆم و کولتووردا، هەڵگری هۆشیاری و ئاستێکی باشی ڕۆشنبیرییە و ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕێت.

ئیدیۆم بۆ کولتوور و کۆمەڵگا گرنگە، چونکە ئەمە پێکهاتە گەشتێکە بە تەواوی کولتوورە جیاوازەکاندا، چونکە لەنێو کولتوورەکاندا ڕێگە بە قسەکەرێکی تر دەدرێت لە ڕێگەی ئیدیۆمەوە خۆی دەربخات و قسە بکات، بەهۆی ئەم جۆرە قسەکردن و دەربڕینانە ئاشنایەتی کولتووری دروست دەبێت و لە فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتی کۆمەڵگای یەکتر ئاگادار دەبنەوە. قسەکەر بەبێ ئەوەی دەربڕینەکەی ڕوون بێت، تەواوی مەبەست و ئامانجەکەی بە لایەنی دووەم دەگەیەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گەیاندنی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کولتوورێک بە کولتوورێکی تر، بەم هۆیەوە تێکەڵاوی کولتووری دروست دەبێت.

زۆر جاری واش هەیە بەریەک کەوتنی ئیدیۆمی کولتوورە جیاوازەکان دەبێتە هۆی ئاشکراکردن و دەرکەوتنی ئیدیۆمی هاوبەش بە زمان و کولتووری جیاواز، ئەمەش پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز دەبێت لەنێوان کولتوور و زمانە جیاوازەکاندا، چونکە ئیدیۆم هاریکارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری هەردووک لای قسەکەر و بیسەر. لێرەدا پرسیار لەبارەی ئیدیۆمی کولتوورییەوە دروست دەبێت، ئەوەیە بڵێین ئیدیۆمی کولتووری چییە؟

کولتوور نوێنەرایەتی کردنە لە داب و نەریتی تایبەت بە هەر نەتەوەیەک و کۆمەڵگەیەک، چونکە هەر نەتەوەیەک لە سۆنگەی کولتووری جیاوزییەوە، ئیدیۆمی کولتووری تایبەت بە خۆی هەیە. هەموو ئیدیۆمە کولتوورییەکانیش دەبنە هۆی خستنەڕووی بەهاکانی نەتەوە جیاوزەکان و ئەو تایبەتمەندییانە دەردەبڕن کە سەر بە نەتەوەکە خۆیانن. بۆیە ئیدیۆم «ئاوێنەی پلە و قۆناغی تێگەیشتن و دانایی و ژیانی کۆمەڵگاکانن، کۆن و نوێیان بەیەکخستووە، پێکیانەوە بەستوون و لەگەڵ پەندی پێشیناندا لەناو جەرگەی کۆمەڵگاکاندا هەڵقووڵیون، سەرچاوەیەکی ڕوونی ڕۆشنبیری و پەروەردەیەکی باڵای کۆمەڵن، لەگەڵ هەموو بارێکی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی بۆ هەموو بابەتە جیاوازەکان دێتەوە»(عەلی. ١٩٨٢. ١٨)، کەواتە ئیدیۆم ژێرخانێکی گرنگی کۆمەڵایەتی هەیە و وەک هەر زانستێکی تری ئینسانی دەتوانێت ببێتە هۆی خستنەڕووی توانا مەعریف و فەرهەنگییەکان، ئەمەش نیشاندانی ئەزموونی بەرایی و هەنووکەیی نەتەوەکەیەتی. وەک لە ئیدیۆمێکدا هاتووە:

**کە بەهار دێ گۆرانی بڵێ، کە زستان دێ هەقایەت بگێرەوە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٤٨)

گوزارشتە لە بەهای کۆمەڵگەیی، واتە ئیش و کارەکان با لە جێگە و کاتی خۆیان دابن، گرنگی کات پاراستنییەتی و بەهای کاریش لەجێبەجێکردنی دایە، واتە مرۆڤ هەر کارێک کە دەیکات با لەکاتی خۆیدا ئەنجامی بدات و دوای نەخات، ئەم ئەزموونەش دەبێتە ڕەوشتێکی پەروەردەیی و لە کولتوور و بەرهەمی گەلاندا بە پارێزراوی دەمێنێتەوە. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە:

**دوو شت هەن چیایی دەبێ بیانپارێزێ، تەپلەکەی و ناوەکەی.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٢٥)

گەلان هەمیشە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی و کەلەپوور و بەرهەمە خۆماڵییەکانی خۆیان دەکەن، هەمیشە پابەند دەبن بە بنەما ڕاستەقینەکان و داب و نەریتی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەمیشە پارێزگاری لە بەها پیرۆزەکان دەکەن و گرنگی دەدەن بە کولتووری کۆن و نوێی نەتەوایەتی و نیشتمانییان.

کاتێک باسی چیاییەکان دەکرێت، ئاماژەیە بۆ نەتەوەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، داغستان ناوچەیەکی چیاییە و کوردەکان لەوێ دەژین، پارێزگاریکردن لە کولتووری خۆیان و مانەوە لەسەر ڕەوشتی پێشینەیان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانن. لای داغستانییەکان کڵاو لەسەرنان دەبێت پارێزگاری لێ بکرێت، کاتێک باس لە پاراستنی ناوەکەی دەکات، گوزارشتە لە پاراستنی زنجیرەی نەژادی و کولتووری کۆمەڵایەتی نەتەوەیی، چونکە بەهۆی پاراستنی کولتوورەوە وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ژیانی گەلان دەمێننەوە.

### ٤-١ گرنگی و بەکارهێنانی ئیدیۆم:

ئیدیۆم لەڕووی زاراوەییەوە واتاکەی جیاوازە لەگەڵ واتا وشەییەکەی، کەواتە ئامانج و پرۆسەی بەکارهێنانی ئیدیۆم لە ژیانی ڕۆژانەدا جەوهەری خۆی وەردەگرێت و کاریگەری لە ناوەندە جیاوزەکان دەردەکەوێت.

لە ناوەندی ئەکادیمی و ڕاگەیاندن و هەر پرۆسەیەکی ئاخاوتنی دابێت، ڕۆڵی ئیدیۆم زۆر گرنگە، چونکە ڕووداو و کردارەکان، تەنانەت ڕۆڵی کارەکتەر و کات و شوێنەکانیش گەورە دەکات و بەهایەکی ڕوون و جەوهەرییان پێ دەبەخشێت. کەواتە ئیدیۆم وەک بابەتێکی زانستی و کولتووری باشە و لە نیشاندانی هۆشیاری و نواندنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی ڕەنگ دەداتەوە.

ئیدیۆم بەهایەکی کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئامادەیی زەینی هۆشیاری و کاریگەری دەخاتە سەر ئەجێندای بەرامبەر، ئەم پرۆسەیە ئەزموونکردنێکی بەردەوامە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خێرا و کاریگەر دروست بکات، چونکە لە بوونی گفتوگۆ و کۆڕی جیاوازدا، بەهۆی بەکارهێنانی ئیدیۆم دەتوانرێت ڕۆڵی کارەکتەر لەنێو بوارەکەدا دیاری بکرێت. ئەم دیاریکردنەش دەرکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری تاک و دواتر کۆمەڵگایە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری زانستی نێوان شێوەزار و نەتەوە جیاوزەکان، چونکە بە شێوەزاری جیاواز و زمانی جیاواز ئیدیۆمی هاوبەش، یان ڕووداو و ئەجێندای هاوبەش دەردەکەوێت. وەک لە نموونەیەکدا دەڵێت:

**ئەمن بەخۆم قوڵپ لە جەڕەی خۆم دەنێم.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٧)

ئەم ئیدیۆمە ئاماژەیە بۆ ئاگا لەخۆ بوون و هۆشیاری مرۆڤەکان، واتە مرۆڤ تا دەتوانێت بەخۆی کاری خۆی ڕاپەڕێنێت و بەتەنگ ئیشی خۆیەوە بێت، واتە هیچ کەسێک نابێتە ئەو کەسە کە بەدڵ و بەداخوازی تۆ کارەکە ئەنجام بدات، ئەمەش پەیوەندی بەهێزی بیرکردنەوە و تێڕوانینی وردەوە هەیە. لە ئیدیۆمێکی تردا هاتووە:

**ئەگەر تێنوو بووی ئاوی ئەو کانییە بنۆشە کە لە زەوییەوە هەڵدەقوڵێت.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٩)

ئەم ئیدیۆمە ئاماژەیە بۆ پاراستن و گرنگی دان بە ڕەسەنایەتی و بیر و باوەڕی نیشتمانی و کەرستە و بابەتە خۆماڵییەکان، واتە بەهای هەر شتێکی خۆماڵی و ڕەسەن دەبێت زۆر زیاتر بێت لە بەرهەم و بیر و باوەڕی بێگانە، ئاوی کانی خاک و وڵاتی خۆت خۆشتر و بێ منەتترە لە خێر و هاوکاری دەرەکی. دەتوانین ئەم ئیدیۆمە گشتگیرتر سەرنجی بدرێتێ و لە ئاستی تاکەوە بۆ فراوانتر بخوێندرێتەوە.

لە سۆنگەی ئەم دوو نموونەیەوە، بۆمان دەرکەوت کە ئیدیۆم سوودی هەیە بۆ ژیان و ڕەوتێکی ئامۆژگاریشی هەیە، کە دەتوانین لە ڕوانگە فەلسەفییەکەیەوە سەیری دیمەنە جیاوازەکانی ژیان و لێکدانەوە جیاوازەکانی بکەین.

### ٢-ئیدیۆم لە کتێبی داغستانی من:

### ٢-١ مەزراندنی ئیدیۆم لای عەزیز گەردی:

کتێبی داغستانی من، عەمبارێکی گەورەی کولتووری و کۆمەڵایەتی گەلی داغستانە، پڕیەتی لە ڕووداو و بەسەرهاتی جیاواز، پڕیەتی لەخستنەڕووی جەوهەر و شکۆمەندی، لە نیشاندانی ئازایەتی و لەخۆبووردوویی، باس لە کولتوورێک دەکات، کە پارچەیەکی گەشە لە کولتووری هاوبەش و ڕەسەنایەتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەویش درەوشانەوەی ئەستێرەی کوردانە لە کوردستانی سوور، تیشکدانەوەیەتی لە کولتوور و داب و نەریتی پارچە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان، کە دواجار هەموو کولتوورەکان لە دڵێکی گەورەی کوردستانیدا دەکەونە ترپەی شانازی و ڕەسەنایەتی.

وەرگێڕ بە هۆشیاری و ڕۆحێکی فرە کوردانەوە، هێزی هاوبەشی لە ئیدیۆمی کوردیدا نیشان دەدات، لەهەر بابەتێک، یاخود هەر ئەجێندایەکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی تەماشا بکەین هەست بە هاوبەشی دەکەین لەگەڵ کوردانی داغستان، ئەمەش هۆکارێکە لەوەی بتوانین ئیدیۆم وەک پرۆسەیەکی مەعریفی لەنێو دەقی ئەدەبیدا وەربگرین و دەوڵەمەندی لەشێوە زمانی جیاوازی دەربڕین و ئەدەبیدا بەدی بکەین.

وەرگێڕ توانیویەتی بەهای ئیدیۆم لەنێو کتێبی داغستانی مندا بە شێوەیەکی زانستییانە بەسەر تەواوی نەژاد و کۆمەڵگەی کوردی بگشتێنێت، چونکە نزیکایەتی و هاوبەشی لە بیروباوەڕی نەتەوەیی و خەمی ژیان و خەمی خاک و ڕەسەنایەتی هەمیشە لە لوتکەی شکۆمەندیدا بەیەکەوەیان بەستۆتەوە، زمانی نووسین و دارشتنی پێکهاتەکانی نێو کتێبەکە بەجۆرێکە، هەست بە ڕۆحێکی گەورە دەکەیت لە جەستەیەکی گەورەدا، بۆیە زمان «ڕەنگدانەوەی کەتوار (واقیع)ی ئەو کۆمەڵەیە، کە تێیدا بەکاردێت، بۆیە زمان ناسنامەی کۆمەڵە و (ئەنتۆنی گیدز) بە یەکێک لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی مرۆڤی ئەژمار دەکات»(عارف. ٢٠١٢. ١٥)، زمان دەرخستنی پێکهاتە و ڕوئیای جەوهەرییە، بۆ ئەوەی بتوانین لە سۆنگەیەوە، دەلالەتە ئیدیۆمییەکان بخەینەڕوو.

### ٢-٢ دەستپێکردن، یان سەرتایەک بۆ گەیشتن:

دەسپێکردن هونەرە، بەو مەرجەی ئامانج هەبێت، گەیشتن بە ئامانج، هێز و خەونی دەوێت، لە ئیدیۆمێکدا هاتووە:

**منداڵی بچووکیش خەونی گەورەیان هەیە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٣)

مەبەست لەم ئیدیۆمە، ئەوەیە مرۆڤ کە هاتە دونیا و ژیانەوە پێویستە خەون و ئامانجی گەورەی هەبێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە لوتکەی شکۆمەندی دابێت و مێژوویکی گەورە بۆ گەلەکەی تۆمار بکات، کورد بە درێژایی مێژووی تێکۆشان و بەرخودانیدا ئامانج و دیدی گەورەی هەبووە، بۆ ئەوەی مێژووی گەلەکەی پڕ بێت لە سەروەری و شانازی. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە دەڵێت:

**ئەو چەکەی پیاو یەکجار لە ژیانیدا پێویستی پێ دەبێ، پێویستە بە درێژایی تەمەنی پەیدای کردبێ.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٣)

ئامانج لەم ئیدیۆمە ئەوەیە، مرۆڤ دەبێت هەمیشە هەوڵبدات و ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە ژیان و کارەکانیدا، بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو بێت و ئامانجی ژیان بە دروستی و سەرفرازانە دیاری بکات.

### ٣-٢ لەبارەی هەڵبژاردنی دروستەوە:

بڕیاردان بۆ گەیشتن، جوان بیرکردنەوەی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی دروست، بەمەش دەبێت مرۆڤ جوان و ڕەسەنانە هەڵبژێرێت، تا لە بازنەی شکۆمەندی بمێنێتەوە و بابەتە ڕاستەقینەکە بپارێزێت، بۆ نموونە لەم ئیدیۆمەدا هاتووە:

**ئەم منداڵە ناوی باوکی نازڕێنێت.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٢٥)

هەڵبژاردنی بابەتێک، یان هەر شتێک کە پەیوەست بێت بە پاراستن و جوان هێشتنەوەی کەسایەتی مرۆڤ، پێویستە بە جوانی بڕیاری لەبارەوە بدرێت، چونکە هەر هەڵەیەک و لادانێک مرۆڤ تووشی گومناوی و هەڵدێر دەکات، بۆیە ئەم ئیدیۆمە ئاراستەمان دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ڕەوتێکی ڕاستەقینە و دروست بڕیار لەسەر شتەکان بدات و شکۆمەندی خۆی بپارێزێت. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە:

**دوو شت هەن چیایی دەبێ بیانپارێزێ: تەپڵەکەی و ناوەکەی.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٢٥)

ئەم ئیدیۆمە ئاماژە دەخاتە سەر پاراستنی کەسایەتی باب و باپیران و پاراستنی نەژاد و کولتووری پەیوەستەکانی، دەبێت مرۆڤ هەموو قسە و دابونەریت و هەر شتێکی تر، کە باش و بەسوود بوو بۆ تاک و کۆمەڵ بیانپارێزێت و لەبیریان نەکات. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە:

**داغستان ئاگردانی منە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٣٤)

فەلسەفەی ئەم ئیدیۆمە، کە مەبەست لە واتای دووەمی ئیدیۆمەکەیە، ئەوەیە هەموو کەسێک دەبێت شانازی بە ماڵ و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی بکات، کە جێگای باب و باپیرانە، ئەم ئیدیۆمە ئاماژەیەکی ئامۆژگارییە بۆ ئەوەی خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەسنایەتی بین، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەیارانی خاک و گەلەکەی ناتوانن دەست بۆ پیرۆزییەکان و کولتووری ئەم کۆمەڵگایە ببەن، کەواتە لەم ئیدیۆمەدا مەبەست لە وشەی (ئاگردان)، خاک و شوێنی مانەوەی مرۆڤی ڕەسەنە.

### ٤-٢ بڕیاردان لە چۆنیەتی دیاریکردنی فۆرم یان کلێشە:

ژیان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی سەختە، بەبێ دیاریکردنی بەرنامە بۆ هەموو بابەتە هەستیارەکانی ژیان، ئاڵۆزی دروست دەبێت و لە فۆرم و کلێشەی تەندروست لادەدرێت. وەک لەم ئیدیۆمەدا هاتووە:

**خەنجەرێک هەمیشە لە کالان دابێت، ژەنگ هەڵدێنێت.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٥٠)

مەبەست لەم ئیدیۆمە ئەوەیە مرۆڤ هەر بیرۆکەیەک و ئامانجێکی هەبێت، ئەگەر نەیکاتە پرۆژە و لە کات و شوێنی گونجاودا کاری لەسەر نەکات، وەک ئەو خەنجەرەی لێ دێت کە لە کالان دەمێنێتەوە و بۆ هیچ ئامانجێک بەکارناهێنرێت، کەواتە مرۆڤ

هەمیشە دەبێت لە هەوڵ و تێکۆشان دابێت و کلێشەیەکی گونجاو و ڕێکخراو دیاری بکات تا بتوانێت باشترین دیاری و ئامانج پێشکەش بە کۆمەڵگە و دەوروبەر بکات. لەم ئیدیۆمدا هاتووە:

**دەزووم لە دەرزییەکەم هەڵکێشاوە، بەڵام چ جۆرە چاکەتێک بدوورم، ژێم لە پەندوورەکەم خستووە، بەڵام چ جۆرە گۆرانییەک بچڕم.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٥٠)

ئەم ئیدیۆمە ئاماژە دەخاتە سەر تواناکانی مرۆڤ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک فۆرم بۆ بیرۆکە و کارە فیکری و ئەزموونییەکانی دابنێت، ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆژەی بەرنامە و کلێشەدارادا کارەکان دیاری نەکات، ڕەنگە نەتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو بیرۆکەکانی پێشکەش بکات و کاری جوان و گەورە بەرهەم بهێنێت. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە:

**تەنگە و پاڵووی کەر لە ئەسپ ناوەشێتەوە، زینی ئەسپیش قەت بۆ کەر نابێت.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٥٧)

ئەم ئیدیۆمە کە واتای دووەمی مەبەستە، دەڵێت: هەموو شتێک دەبێ بە لێهاتن و لێوەشاوەییەوە بێت، چونکە هەڵە بەکارهێنان ئامانج و ڕێساکان تێکدەدات و لێکەوتی خراپی لێ دەکەوێتەوە، یاخود بەرهەمی خراپ و کەم بایەخی لێ دروست دەبێت، کەواتە داڕشتنی قالب و فۆرمی گونجاو نابێت بەشێوەی ئارەزوومەندانە بێت، بەڵکو دەبێت بەشیوەیەکی تەندروست بێت و هەموو شتێک لە شوێنی خۆی بەکار بێت.

### ٢-٥ لە بارەی زمانەوە:

زمان کەرستەیەکی گرنگی داڕشتن و گۆکردنە، کەواتە مرۆڤ دەتوانێت بە زمانی جیاواز دابڕێژێت و گۆ بکات، جوان بنووسێت و جوان بڵێت، بەپێچەوانەشەوە دەتوانێت بڵێت، کەواتە زمان گرنگییەکی باڵای هەیە لە دەلالەت کردن و خستنەڕووی واتا جیاوازەکان. لە ئیدیۆمێکدا هاتووە:

**شاعیر سەد ساڵ پێش دروستبوونی دونیا هاتۆتە دونیاوە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٧٢)

مەبەست لە وشەی (شاعیر) خستنەڕووی ئەو هەست و مەعریفەیە، کە شاعیران دەتوانن درکی پێ بکەن و گوزارشت لە چەمک و بابەتە جیاوازەکان بکەن، ئەم ئیدیۆمە ئاماژەیە بۆ هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵی شاعیر، کە تەنها شاعیران دەتوانن زمانی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان بۆ گوزارشتکردن لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەکاربێنن، چونکە هێزی خەیاڵ دەربڕینێکی ڕووت نییە، بەڵکو پێشبینیکردنێکی زمانییە بۆ ڕووداوەکان. لەم دوو ئیدیۆمەدا هاتووە:

**یاخوا، خودا منداڵەکانت لە زمانی دایکیان بێ بەری بکات.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٧٦)

**یاخوا، زمانت لەدەم وشک بێت، ناوی دەزگیرانت لەبیر نەمێنێ.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ٧٧)

لەم ئیدیۆمانەدا سەرنجت دەکەوێتە سەر نزا لێکردنێک، کە واتای دووەمی ئیدیۆمەکە دەگرێتەوە، ئەمش دەرخستنی جۆرە تووڕەبوونێکە بۆ کەسی بەرانبەر، کە پێی وایە نابێت هیچ کەسێک پشت لە زمانی زگماکی و دایکی خۆی بکات و پاڵ وەزمانی کەسێکی دیکە بدات، ئەمە مایەی شەرم و نیگەرانییە، مرۆڤ پارێزەر و هەڵگری زمانی دایکی خۆی نەبێت، ئەگەر مرۆڤ بۆ زمانی دایک نەجیب نەبوو، وەبەر نزای تووڕەیی بکەوێت.

### ٢-٦ لەبارەی بیر (فکر)ەوە:

بیرۆکە بۆ هەر بابەتێک دەریچەی دەربازبوونە لەو گرێیەی دەکەوێتە بەردەمی، کەواتە هەر بابەتێک وەربگیرێت پێویستی بە کردنەوەی ئەو هێمایانە هەیە، کە دەبنە هۆی ڕزگاربوون لە تەنگژە و بەربەست، ئەمەش فەلسەفەیەکە هاوڕێکە لەگەڵ چەمک و بابەتەکانی دیکەی وەک زمان و هەڵبژاردنی بابەت و فۆرم.... چونکە هەموویان بەیەکەوە کارێکی دروست پێشکەش دەکەن، بەڵام بۆ هەموو ئەمانە دیسان بیرۆکەیەک پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە کلیلی دەرگا کلۆم دراوەکان، لەم ئیدیۆمەدا هاتووە:

**ئەم دەرگایە مەشکێنە، کلیل بە ئاسانی دەیکاتەوە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٠١)

مەبەست لەم ئیدیۆمە گەڕانە بەدوای چارەسەر، نەک گەڕان بەدوای ڕاکردن و تێکشکاندندا، واتە بۆ هەموو بابەتێکی سەخت و دژوار بیرۆکەیەکی باش و گونجاو هەیە، کەواتە مرۆڤ دەبێت بیربکاتەوە، ئەگەر بیرکردنەوە لە مرۆڤ داببڕین، بەشە ڕاستەقینەکە دەرناکەوێت، چونکە مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوە فەلسەفییەکان و کاریگەرییە مەعریفییەکان دەتوانێت بگاتە ئاستی کرانەوە بەسەر بابەتەکان و ئاڕێشەکاندا. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە:

**هەست و بیر وەکو باڵندە وان، بابەتەکە ئاسانە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٠٣)

کاتێک لە هونەری لێکچوواندندا کە بابەتێکی ڕەوانبێژییە، باڵندە دێتە نێو دەقێکی ئیدیۆمەوە، هەست بە ئازادی و خەیاڵێکی سەربەست دەکەی، هەرکاتێک مرۆڤ سەربەست بێت و هیچ ڕێگریکردنێکی لەبەردەم دانەبێت، دەتوانێت هەموو بابەتێک بە ئاسانی تێپەڕێنێت.

**٢-٧ لەبارەی جۆر (ژانر)ەوە:**

دیاریکردنی جۆرایەتی بەشێکی گرنگە لە سەرکەوتنی کارەکانی مرۆڤ، چونکە تا جۆر دیاری نەکرێت، هیچ شتێک ڕەوتی خۆی وەرناگرێت، ئەمەش پرۆسەیەکی جەوهەرییە لە فەلسەفەی کار و ئەزموونیدا، جا قەبارەی کار هەرچەند بێت، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت دەستنیشانی جۆر بکات، دیارە لەم پرۆسەیەشدا کات و شوێن توخمی گرنگن بۆ ئەوەی ڕۆڵی بکەرانی تێدا دەرکەوێت. لە ئیدیۆمێکدا هاتووە:

**گەوج بە زریکە ترس دەردەبڕێت وە پیاوی ژیر بە وشەی نەرم.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٤٨)

ئەم ئیدیۆمە ئاماژەیە بۆ خستنەڕووی جۆری کەرستەکان، واتە کەسی ژیر دەتوانێ بە نەرمی کاروبارەکانی ئەزموون بکات و کاری گەورە پێشکەش بکات، بەڵام کەسی نەزان لەبەر نەزانی و ترسەوە هەمیشە بە هەژاری و داماوی دەمێنێتەوە و ناتوانێت ئامانج و کاریگەری دروست بکات.

**کە بەهار دێت گۆرانی بڵێ، کە زستان دێت هەقایەت بگێڕەوە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی یەکەم١٩٧٩. ١٤٨)

ئەم ئیدیۆمە خستنەڕووی واتاییکە، کە نابێت کار و جۆری کارەکان تێکەڵ بکرێن، واتە هەموو شتێک دەبێ لە کات و شوێنی خۆیدابێت، وەک کوردەواری دەڵێت: (کەنگر و ماست بە وەختی خۆی).

**٢-٨ لە بارەی جوانمێرییەوە:**

جوانمێری دەستەواژەیەکی باوە، بەشێوەیەکی ڕەها لەگەڵ ژیری و هۆشیاری دێتەوە، کەواتە مرۆڤ لەهەر ئاستێک و پێگەیەک دابێت، دەبێت بە ژیری و لێهاتوویەوە ڕەفتار بکات، وەک لەم ئیدیۆمەدا هاتووە:

**لە ڕێگادا تووشی هەر کەسێک هاتی، دۆست بێت یان دوژمن کە خەنجەرت پێیە، لەبیرت نەچێ ئەویش وەکو تۆ پیاوە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی دووەم١٩٨٥. ٧٦)

ئەم ئیدیۆمە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە مرۆڤ لە هەر ئاستێک و پایەیەکی کۆمەڵایەتی دابێت، دەبێت ژیرانە هەڵسوکەوت بکات و لە پێست و قەبارەی خۆی دەرنەچێت، چونکە ئەوەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە پایە و کەسایەتی خۆی هەیە و دەبێت بە هۆشیارییەوە ڕەفتاری بکەیت. لە ئیدیۆمێکی تردا هاتووە:

**زەوی و ئەسپ بفرۆشە، بەڵام هەرگیز پیاوی ناوەوەت مەفرۆشە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی دووەم١٩٨٥. ٧٧)

ئەم ئیدیۆمە ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی کە هەرچی هەمانە لە سەروەت و سامانی دونیا و پێویستییە ماددیەکان، کە هیچیان گرنگ نین و ئاساییە لە دەستیان بدەین، بەڵام دەبێ مرۆڤ ئاگاداری کەرامەت و جوانمێری خۆی بێت، ئەو خاسیەت و هێزە ئینسانییەی کە هەیەتی لەدەستی نەدات.

**٢-٩ لە بارەی کولتووری هونەر و کتێبەوە:**

هەر میللەتێک لەپاڵ کولتوورە ڕەسەنەکانی دیکەیدا کولتووری هونەر و خوێندنەوەی زیندوو نەبێت، ناتوانێت زیندوو بێت، چونکە هونەر و خوێندنەوە بە بابەت و ئاراستە جیاوازییەکانییەوە کۆمەڵگە دەباتە قۆناغێکی دیکەی شکۆمەندی و شانازی، بە پێچەوانەشەوە بەهۆی نەبوونی ئەمانە، یان پشتگوێ خستن و فەرامۆشکردنی، پاشخانی کولتووری کۆمەڵگاکە لاواز و هەژار دەبێت. ئیدیۆم کە بەرهەمێکی گرنگ و پڕ بەهای ئەدەبی فۆلکلۆری و کۆمەڵایەتییە، لەنێو داغستانییەکان لە بواری هونەر و کتێب و خوێندەواریدا گرنگی زۆری پێدراوە، وەک لە ئیدیۆمێکدا هاتووە:

**خەنجەر پیاو دەخاتە باوەشی مەرگ و تەنبوور زیندووی دەکاتەوە.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی دووەم١٩٨٥. ١٧٨)

ئەم ئیدیۆمە لەنێو نەتەویەکدا گوزارشت لە دوو کولتووری زیندوو دەکات، (خەنجەر) هێزی جوانمێری و بەرخودانە، کە هیچ کاتێک ئەم گەلە بۆ ماف و ئامانجی راستەقینەیان دەستەوەستان نین و هەمیشە لە سەنگەری بەرگری و داکۆکی کردندان. (تەنبوور) جوانترین کەرستەی هونەری و گۆرانییە لەنێو گەلی کورددا، داغستانییەکان کوردن، پارچەیەکی ڕەسەنن لە دڵی کولتوور و مێژووی فەرهەنگ و زمان و خاکی کوردستان، ئەمە نیشانەی هۆشیاری و ڕەسەنایەتی ئەم گەلەیە، ئاماژەیە بۆ بەردەوامی و هەمیشە مانەوە، هونەر لەپاڵ زمان و مێژوودا باوەڕێکی گەورەیە بۆ پاراستنی نەژاد و کولتووری نەتەوایەتی. لە ئیدیۆمێکی دیکەدا هاتووە:

**دوو گۆرانی و دوو دەمر و دوو دیو، مەرگی دووژمن و ئازادی نیشتمان.** (هەمزەتۆڤ. کتێبی دووەم١٧٩.١٩٨٥)

ئەم ئیدیۆمە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە گۆرانی و هونەری مۆسیقا لە پاڵ کەسایەتیە زرینگ و سەرڕاستەکانی وڵات دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی مەرگی دووژمن و ئازادی بۆ وڵات ڕابگەینرێت، گوزارشتە لەوەی هونەری گۆرانی و مۆسیقا موڵک و کولتوورێکی ڕەسەنی کۆمەڵگان، بۆیە پابەند بوون بەم ئیدیۆمانە، پەیڕەوی کردنە لە کۆمەڵێک ئامۆژگاری، کە جەوهەری کۆمەڵایەتی و کولتوورە جیاوەزەکانی نەتەوایەتین.

**کە شوان گۆرانی نەڵێ، مێگەڵ لە لەوەڕ دەبێ. (هەمزەتۆڤ. کتێبی دووەم١٩٨٥. ١٨٠)**

ئامانج لەم ئیدیۆمە، کە بۆن و هەناسەی کوردانی هەیە، ئەوەیە نوێنەر یان کەسی یەکەمی کۆمەڵگا یان هەر شتێک، ئەبێ ڕەسەن بێت و هەڵگری کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگاکەی بێت، بۆ ئەوەی جێگەی ڕەزامەندی کۆمەڵگا بێت و لە دەنگ و ئاهەنگی کۆمەڵگا دانەبڕێت، چونکە خۆپەراوێز کردنی سەرکردە، یان کەسی یەکەمی بەرپرسیاریەتی، دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی چینایەتی و سەرگەردانی کۆمەڵگا.

کەواتە گۆرانی و ئاوازی بلوێری شوان زاراوەیەکی جەوهەرییە بۆ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان چینایەتی، کەواتە مەبەستی دووەمی ئەم ئیدیۆمە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی نێو کولتوور و پرسەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگایە.

**گەلی بێ کتێب وەکو پیاوی چاو بەستراو وایە، دونیای پێ نابینرێ، وەکو پیاوی بێ ئاوێنە وایە ڕووی خۆی پێ نابینرێ. (هەمزەتۆڤ. کتێبی دووەم١٩٨٥. ٢٤٨)**

کتێب ئاماژەیە بۆ هۆشیاری کۆمەڵگا و خوێندەواری بەهێز و باش، کەواتە بوونی زانیاری خستنە سەر ڕەوتی کۆمەڵگایە بۆ ئایندەیەکی ڕۆشنتر و جوانتر، ئەم ئیدیۆمەش کە واتای دووەمی مەبەستە، ئامۆژگاری دەخاتەڕوو بەوەی نەزانین و نەخوێندەواری دەبێتە هۆی دواکەوتوویی و دابڕانی کۆمەڵگا لە پێشکەوتنەکان.

کۆی ئەو ئیدیۆمانەی هەڵقوڵاوی زادەی بیری تاکی کوردانن لە داغستان، داغستان پارچەیەکی دیکەی نیشتمان، خاکی کوردان، ئەو کوردانەی بۆن و ئاهەنگ و هەناسەی کولتووری و ڕوانگە نیشتمانی و نەتەوایەتییان دەگاتەوە هەموو کوردانی دیکە لە پارچەکانی دیکەی نیشتمان، وەرگێڕ توانیویەتی بە زمانێکی کاریگەر و توانایەکی جوانی ڕۆشنبیری، ئەو دوو کتێبەی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی، کاریگەری ئەو ئیدیۆمانەی لەنێو مەغزای فیکری و کولتووری کوردی بە شێوەیەکی گشتی خستۆتەڕوو، ئەمەش بەهایەکی گرنگی ئەدەبییە، کە کتێبێک بتوانێت لە ڕێگەی ئیدیۆم و بەرهەمی بیری ئینسانییەوە کوردان کۆ بکاتەوە و مەغزای هاوبەش و کولتووری هاوبەش نیشان بدات.

## ئەنجام:

1- لە ڕێگەی ئەم توێژینەویەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئیدیۆم دەشێ لەو بۆچوونە دەربازی ببێت، کە دەگوترێت: ئیدیۆم بریتییە لە ڕستەیەکی چەند وشەیی و خۆی لە ڕستەیەکی کورتدا دەبینێتەوە، واتە ئیدیۆم بریتییە لە ڕستەیەکی کورتی دوو تا سێ وشەیی و ڕستەیەکی درێژ، کە خۆی لە قالبی پەخشانیدا دەبینێتەوە.

2- لە کتێبی داغستانی مندا، هەست بە کولتووری هاوبەش و دیدی هاوبەشی نێوان هەموو کوردان دەکات لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کە خۆی لە مێژووی هاوبەش و خەبات و تێکۆشانی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش دەبینێتەوە.

3- لەڕێگەی ئیدیۆمەکانەوە ئەو تێگەیشتنە دروستدەبێت، کە میللەتی کورد ئاستێکی باڵای هۆشیاری هەیە و لەگەڵ باردۆخەکان بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی کردووە.

4- فێربوون و ئارەزووی هونەری کولتوورێکی گرنگ و بەرچاوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، کە تاکی سەربەخۆ و ئازای دروستکردووە، ئەمەش کولتوورێکە لەنێو کوردانی هەموو پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت.

## سەرچاوەکان:


- حاجی مارف. ئەورەحمانی(١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- حوسێن. شیلان عومەر(٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج سلێمانی.
- شەریف. عەبدولوەهاب کانەبی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
- عارف. زوبێر عەلی (١٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- عەلی. جەلال مەحمود (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی کەلەپوور (١)، منتدا اقرآ الثقافي، بەغداد.
- فەخری. نەسرین محەمەد (١٩٧٦)، هەندێ زاراوەو ئیدیۆمی کوردی، لیکۆڵینەوە و لێکدانەوە، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە ١٩، چاپخانە دار الجاحض، بەغدا.
- کەریم. ڕزگار ئسماعیل، عەزیز. تەلعەت محەمەد(٢٠٢٠)، پراگماتیکی ئیدیەم لە زاری کوردی ناوەڕاستدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤٦، هەولێر.
- مامە، عەلی فەتاح (١٩٩٨)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حوسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چ:١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- هەمزەتۆڤ، ڕەسوول(١٩٧٩)، داغستانی من، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، کتێبی یەکەم، چاپخانەی علاء، بەغدا.
- هەمزەتۆڤ، ڕەسوول(١٩٨٥)، داغستانی من، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، کتێبی دوەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
- ئەحمەد. سیروان عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، بەبەرهەمی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارەی ٥١، هەولێر.

**معنى الاصطلاح في كتابي الداغستاني ترجمة عزيز گردي**

**على مصطفى نجم الدين**
قسم الغة الكوردية،كلية التربية\ شقلاوة،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
ali.nejmaddin@su.edu.krd

**فرمان محسن عبدالله**
دائيرة التربية الشقلاوة
Fermankurdi272@gmail.com

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (معنى الاصطلاح في كتابي الداغستاني ترجمة عزيز گردي) هو مشروع علمي، يعتمد على منهج النقد التحليلي، تتم فيه مناقشة نظرية الاصطلاح وثقافة الاصطلاح واستخداماته وفوائده. تمت مناقشتها والتي تؤكدها أمثلة التعابير الموجودة في الكتاب، وفي الموضوعات العملية، تمت مناقشة جوهر التعابير في داغستان الخاصة بي في عدة مواضيع، كل هذه المواضيع بأمثلة حية في الكتابين الأول والثاني لقد تم إثراء داغستان الخاصة بي، اقرأ وتحليلها.

يصف هذا البحث عملية ثقافية تعطي فيها التعابير قواسم مشتركة ولونا حيويا للأكراد في جميع أنحاء كردستان، ومن خلال التعابير الاصطلاحية نصل إلى حقيقة هي مصدر فخر ومجد، وهي الحفاظ على عادات وتقاليد المجتمع.

**الكلمات المفتاحيه:** المفاهيم، المصطلحات، التعابير، اللغة، الإذاعة، المجتمع.

**The Meaning of Idiom in My Dagestan Book, Translated by Aziz Gardi**

**Ali Mustafa Najmaddin**
Department of Kurdish Language, College of Education/ Shaqlawa, Salahaddin University, Kurdistan Region, Iraq
ali.nejmaddin@su.edu.krd

**Farman Muhsin Abdulle**
Shaqlawe Education Compound
Fermankurdi272@gmail.com

## Abstract

This research entitled (The Meaning of Idiom in My Dagestan Book, translated by Aziz Gardi), is a scientific project, based on the method of analytical criticism, in which the theory of idiom is discussed Idioms, culture, use and benefits of idioms are discussed, which are confirmed by examples of idioms in the book, and in practical topics, the essence of idioms in My Dagestan is discussed in several topics, all these topics with vivid examples in the first and second books My Dagestan has been enriched, read and analyzed.

This research describes a cultural process in which idioms give commonality and vivid color to Kurds in all parts of Kurdistan. Through idioms we reach the fact that is a source of pride and glory, which is to keep alive the customs and traditions of society.

**Keywords**: Concept, Term, Idiom, Language, Broadcasting, Society.